# پرۆسەی هەڵبژاردنی دەوڵەتی عیراق و
# هەڵوێستی گەلی کورد

ئیبراهیم مەلازادە

باوەڕم نەدەکرد وەکو فەرمانبەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتی عیراق بەشدار دەبم. تا ئێوارەی 2004/12/11 لە لایەن بەرپرسێکی (IOM) تەلەفۆنم بۆ کراو داوای سازدانی دیدارێکی لێکردم سەبارەت بەو پرۆسەیە.

لە بەڕێوە بردنی ئەم پرۆسەیە چەند خاڵێک سەرنجیان ڕاکێشام، پێویست دەکات یەکە یەکە باسیان بکەم.

1- بۆ یەکەم جار دوای تەمەنی منالێم کارکردن لەگەڵ خەڵکی عەرەب.

2- بەشداری کردن لە پرۆسەیەک کە بە هی خۆم نەدەزانی و بە هیخۆمیشی نازانم.

3- لێکترازانی جەستەی کورد.

یەکەم: دوای ئەوەی قۆناغی ناوەندیم لە عەرەبستان، لە فەلوجەو ڕومادی بەسەر برد، لە کۆمەڵێک یادگاری ناخۆش و کوێرەوەری زیاتر شتێکی ترم نایەتە بیر. تا ئەو ساتانەش وشەی (کاکێ) ی بەراوەژووی بە تەوسی فشەکەرانی عەرەبم لە یاد ناچێ و هەنوکەش کە پێم دەڵێن کاکە نرکەی ئەنفالکراوانم دێتە گوێ و هەرگیز بەو کاکەی ئەوان دڵم ئارام نابێ. هاوپۆل و دراوسێ و هەموو ئەوانەی کە ڕۆژانە دووچاری مامەڵەو ئیش و کار دەبووم لەگەڵیان بێ سڵەمینەوەو بە پێکەنینێکی ڕقاوی بانگی نەک هەر من بەڵکو هەموو کوردێکیان دەکرد (کاکێ). بۆ دوا جار و لە ناوجەرگەی ئەورووپا دوچاری کارکردن و تێکەڵبوونەوە بووم لەگەڵ عەرەب. بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ چینکی تر، چینێک کە کەمتر لە ئێمەیان نەبینیوە لەدەست ڕژێمی دارماوی سەدام. ئەوانیش عەرەبی شیعەن، بەڵام نەغمەی کاکەی ئەو عەرەبانەی ئێرە لەگەڵ هی ئەوێ جیاواز بوو.

پێش هەموو شتێک دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەمڕۆ هەندێک لە نوسەرو ڕۆشنبیری عەرەب گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئێمەی کورد ئەوان نین و دوو ئیدنتیتەی جیاوازو دوو ڕەگەزی جیاوازین، بەڵکو زۆر مەردانەش داکۆکی لەسەر ماف و داخوازیەکانی گەلی کورد دەکەن، بۆیەش هەموو گشتگیریەک بەرامبەر بە عەرەب و بەتایبەتیش عەرەبی شیعە بە بێویژدان دەزانم و ئەمڕۆ خەڵکێک هەیە لەسەنگەری داخوازیەکانی کورد دایە بۆ پشتیوانی لە مافی چارەی خۆنوسین. بەڵام ئەم چینە ڕۆشنبیرە هەڵبەت لە کێشی پەنجەکانی دەست دەرناچن.

لە دەرەنجامی ئەزموونی زیاتر لە سێ هەفتەی کارکردن بە شەممەو یەکشەممەکانیشەوە بەو جۆرە عەرەبە شیعەکانم بینین:

أ: پیرۆزی دەوڵەتی عیراق، بەلای ئەوانەوە گرنگ نیە تۆ کوردی یا عەرەبی، ئەوە گرنگە تۆ بڵێی عیراقیم، عیراق چوارچێوەیەکی پیرۆزو یەکپارچەیە و هێشتا کوردستان هەر شیمالی حەبیبە.

ب: تێگەیشتنی عەرەب بۆ پرسەکان لەگەڵ هی کورد زۆر جیاوازن، ئەو شتەی بەلای کەسێکی

کورد گرنگە بەلای عەرەبێکەوە جێگای بیرلێکردنەوەش نیە، بە هەمانشێوەش گرنگیەکانی عەرەب بەلای کوردەوە جێگای باس نیە، بۆیە هەردوولا وەکو دوو جەستەی تەواو جیاواز، وەکو دوو هاولاتی دوو ولاتی تەواو جیاواز، دوو خەون و دوو ئومێد و دوو ئاسۆ بینی تەواو جیاواز.

ت: مولکایەتی ئەوان بۆ کورد، ئەوان تا هەنوکەش هەروا دەزانن کە ئەو جوگرافیا شومەی عیراق لە نەبووخوزنەسسەرەوە هەورا بووەو هەروا هاتوە، هەر لە دێرزەمانەوە ئێمە کوردی ئەوانین، ئەوە ئەگەر بە هاوردە لە قەلەممان نەدەن. جارێکیان کورتە چیرۆکنوسی ئیرانی قادر عبدالله، کورتە چیرۆکێکی لە رۆژنامەی ڤۆلکس کرانتی هۆلەندی بلاوکردبووەوە، نوسیبووی (ئۆنزە کوردن) واتە کوردەکانی ئێمە، بۆیە زۆرجار بە هۆلەندیەکان دەلێم: هەموو خەلک کوردیان هەیە، ئیران، عیراق، تورکیا، سوریا، ئەلمانیا، سوێد، حەقە ئێوەش لەمەودوا بنوسن: ئۆنزە کوردن. بەلایانەوە جێگای سەرنج و تێرامان بوو. لە راسیشدا، ئێمە لای عەرەبە بە ویژدانەکان، گولین، گولێکی جوان و رازاوەی باخچەیەکین، بەلام مولکایەتی باخچەکە تەنها بۆ خۆیان دەگەرێتەوە. ئەویش باخچەی عیراقە، ئەی دەبێ عەرەبە بێویژدانەکان چۆن لەو پرسە بروانن؟!.

ج: بوونی نەفەسی رەگەزپەرستی لە ناخ و گیانی زۆربەی هەرەزۆری عەرەبەکان، بەتایبەتیش خاوەنشەهادەو خوێندەوارەکانیان، دەیانویست خۆیان بێ لایەن پیشان بدەن، بەلام خوی شیری تا پیری، نەیاندەتوانی ئەو رەگەزەو ئەو هەناسە بۆگەنە بشارنەوە. چاویان بەو ئالایە هەلنەدەهات کە کورد هەلیان دەدا، مامۆستای زانکۆیان لە خەلکی سادە تەنگاو ترو هەرزەکارانە تر بوو، کە پێمان دەگووت: لێرە کۆمپانیاکانیش ئالای خۆیان هەیە، حەز لە تایبەتمەنێتی خۆیان دەکەن، بێجگە لەوەش ئێمە لە ژێر ئەو ئالا سێ ئەستێرەیە ئەنفال کراوین، ئەوەندەیان پێدەما بلێن: برا عیراق لەسەرەوەی هەموو شتێکە، عیراق گرنگترە لەو شتە بچوکانە.

ح: دوا خالی سەرنج راکێشم دیاردەی دینداری عەرەبە شیعەکان. دینداری، لە دینداریش تەشەییوع بۆتە گرنگترین و دیارترین ئیدنتیتەی ئەوان. بەدەگمەن ژنیان هەیە لەچک نەکاتە سەر، بەدەگمەن پیاویان هەیە ئەگەر نوێژیش نەکا وەلائو ملکەچی بۆ فەرمانەکانی مەرجەع نەبێ. ئەم دوو دیاردەیە لە خەلکی کورد نەدەبینرا، زۆر کەم ژنی کوردمان دەبینی لەچکی لەسەر بوو بێ، بێجگە لەوەش گرنگترین مەرجەعیەتی کورد سیاسی و نەتەوەییە، نەک دینی. ئەم دیاردەیەش چەند جار لای پۆلیس و فەرمانبەرە هۆلەندیەکان زانراو بوو، بۆخۆیان هەستیان بە جیاوارزی دوو جۆر خەلک کردبو و چەندجار پرسیبوویان. ئەوەی کە جێگای سەرنجە، لای شیعە عەرەبەکان ناسینی ئیسلامیە سوننیەکانە بە سەلەفی و ترسانە لێیان، بەلام لە بیریان دەچێ کە ئەوانیش هەر سەلەفین و وەلائیان بۆ سەرچاوەیەکی ترە، غەیری سەرچاوەی سەلەفیە سوننیەکان.

دووەم خال: بەشداری کردنم بوو لە پرۆسەیەک کە بە هی خۆم نەدەزانی تا هەنوکەش بە هی خۆمی نازانم. لە راپرسیەکی پێشووی دەنگەکانیش ئەوەم باس کردبوو کە دەنگدان و دەنگ نەدان ئەوەندە گرنگ نیە، بەقەد ئەوەی زانینی رێگاو ئامانج و ستراتیژیەتی کارەکان گرنگە، بەقەد ئەوەی یەکرێزی و تەبایی گرنگە.

سەرەتا وەکو فەرمانبەرێک چوومە ڕیزی ئەو پرۆسەیە، ئەوە لە نیەت و مەبەستی خۆمدا بوو، بەڵام ئەو ڕاستیەشم دەزانی کە ئەگەر هاتووی وڵاتی عیراق واتە (کوردی عیراق!) نەبووبام لەو کارە وەرنەدەگیرام. سەرەتا مەبەستم نەبوو دەنگ بدەم، بەڵام دوایی قەناعەتم هات، پێویستە پۆزەتیف ڕەفتار بکەین، دوای ئەوەی لێشاوی خەڵکی کوردم بینی بە حەماسەتێکی بێوێنە ڕوویان لە بۆکسەکانی دەنگدان دەکرد، ئەمە بەلای من ڕاپرسیەکی گرنگ بوو بۆ هەموو ئەوانەی کە نەیانویست دەنگ بدەن. ئەگەر بڕیار بێ بە دیموکراسیەت ڕازی بین، کە حوکمی گەل دەکات، هەر ئەو گەلەیە دەسەڵات لەسەر خوانێکی زێڕین پێشکەشی کاندیدەکان دەکات. ئەوە خەڵکی کورد بوو بە تێکڕا گوتیان بەڵێ بۆ ئەو سیاسەتەی کە پارتەکانی کوردستان بەڕێوەی دەبەن، لەڕاستیدا ئەمە هەڵوێستی پەسندکردنی هەموو ئەو ڕەفتارانە بوو کە پارتەکانی کوردستان لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عەرەب داکۆکیان لێکردووە. بۆیە نەمویست ڕێزپەڕ بم، یا شتێکی جیاواز بم لەو هەموو هەزارەها خەڵکە، بۆ ئەوەی سبەی ڕۆژیش ئەگەر هەڵبژاردنەکە بە نێگەتیف شکایەوە منەت لەسەر میللەتەکەم نەکەم و پێی بڵێم من لە ئێوە عاقڵ تر بووم ئێوە دەنگتاندا من دەنگم نەدا. ئەوەشم باش دەزانی کە ئەو خەڵکە دەنگ بە عیراق نادات، بەڵکو دەنگ بە سیاسەتێکی دیاریکراو دەدا، دەنک بە بەرەو فیدرالی چوونی عیراق دەدا، دەنگ بە یەکڕیزی و یەکدەنگیان دەدەن. دەنگ بە جیاوازی بەرامبەر عەرەب دەدەن و پرسەکە لە پرۆسەیەکی سیاسی گۆڕابوو بۆ مەسەلەی کەرامەت. دەیان کەسم دەناسین لە دوورو نزیک لەگەڵ ڕەفتارەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان هاوئاهەنگ نین بەڵام کە خەڵکی کورد بەیەک لیست کەوتنە بەرامبەر عەرەب ڕازی نەبوون ئەو لیستە کورتی بێنێ.

بەڕای من ئەوەی لەو پرۆسەیە گرنگ بوو بەدەست هات، پیشانی عەرەب و هەموو دراوسێ و دونیا درا کە کورد دەتوانێ یەکگرتوو بێ. کورد ئیرادەی زیندووە، ئەگەر وازی لێبێنن دەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەوەی دوای ئەو پرۆسەیە گرنگە ڕەفتاری پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە بەرامبەر خەڵکی کوردستان. سوپاس کردنی خەڵک بە قسە نابێ، پێویستە ئەو سوپاسە بگۆڕێ بۆ کردار، هەموو دەرگاکانی ئازادی بۆ خەڵک بخەنە سەر پشت. نابێ ئەوان خۆیان بە باوک بزانن و خەڵکیش بە منداڵ. خەڵکی کوردستان متمانەی خۆیان بەوان بەخشی، دەبێ ئەوانیش لە ئاستی ئەو متمانەیەدا بن و گاڵتە بە چارەنووس و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان نەکەن.

سێیەم خاڵ: لێکترازانی جەستەی کورد. ئەوەی زۆر ئازاری دەدام و جێگای سەرنج و تێڕامانێکی زۆر بوو، لێکترازانێک بوو لە نێوان باشووری کوردستان بە جیا لەگەڵ باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای باشووری کوردستان. تەنێ هاوڵاتیانی باشووری ئەو وڵاتە دابەشە بەرەو بۆکسەکانی دەنگدان ڕۆشتن. ئەو لێکترازانە دیاردەیەکی تەندروست نیە، ئەمە دەرەنجامی لەتکردنی سەرزەوی کوردستانە، بەو مانایەی ئەو لەتکردنە هەموو شتێکی لەتکردووە، تا بە چارەنووسیش ڕادەگا. ئەوەش مانای نیە کە ئیرادەی خەڵکی کوردیش دابەش بووە، من بە پێچەوانەوە دەیبینم، تا هەنوکەش خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستان ئیرادەی یەکگرتنەوەو بەرەو یەکچوونەوەیان هەیە، ئەگەر ئازادی هەڵبژاردن بدرێتە دەست جەماوەری کورد گومانم لەوە نیە کە هەمووی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کورد دەنگ دەدات. ئەو

کوردانەم بینین کە کێسی پەنابەریان لەسەر عیراق بووە و خۆیان بە کوردی باشوور تۆمار کردبوو دۆکومێنتی عیراقیبوونیان لە دەست بوو چەند بە حەماسەت و بە چاونەترسی بەرەو بۆکسەکانی دەنگدان دەهاتن بێ ئەوەی لە ئاشکرابوون و لە دەرەنجامەکانی بترسن. هەموو کوردێک بە ئومێدێکی زۆر گەورە تەماشای ئەزموونی باشووری ولاتەکەیان دەکەن و ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازن. ئەوەش کە جێگای سەرنج بوو، عەرەبەکانی عیراق هەر چاوێکیان دەکردە سەد چاو بۆ ئەوەی خەڵکی ناعیراقی دەنگ نەدەن. بەلایانەوە گرنگ نەبوو ئەو ناعیراقیە عەرەب بێ یا کورد، میسری بێ یا سووری، یا جەزائیری، بەلای ئەوانەوە هەڵبژاردن مافی عیراقیەکانە. هەڵبەت ئەوەش هۆکاری خۆی هەن، لە لایێک ئەوان پێویستیان بە دەنگی خەڵکی تر نەبوو، چونکە زۆرینەن، لە لایێکی تریش دەیانزانی کورد چاوپۆشی دەکا لە دەنگی هەموو ئەو کوردانەی دەوروبەری عیراق، دەیانزانی کورد بە چاوی بێگانە تەماشای ئەوان ناکا. ئەو تیبنیانەش هەموویان بەڵگەن لەسەر جیاوازای تایبەتمەندیەکانی ئەو دوو نەتەوە تا سەر ئێسقان لەیەکتر جیاوازە.

بە گشتی: بەڕای من ئەگەر سەرکردایەتی کورد بە وشیاری بجولێتەوە، ستراتیژیەتی خۆیان بزانن و چارەنوسی گەلی کوردستانیان بەلاوە پرسێکی چارەنووسسازە، ئەوا هەنگاوێکی ژیرانەیان هاوێشت و پیشانی دونیایاندا کە کەمووکوڕی لە گەلی کوردستاندا نیە، ئەوان پۆزەتیفانە ڕەفتار دەکەن، تینووی دیموکراسیەت و ئازادی و یەکسانین. ئەم پێوەرەش بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان وەکوو یەکە. بە ڕای من خەڵکی کوردستان لە دەرەوەو لە ناوەوە دەنگیان بۆ یەکڕیزی کورددا، هێندە بە هەڵبژاردن دڵخۆش نەبوون هێندەی بە یەکڕیزی و برایەتی کورد دڵخۆش بوون. هەر ئەو یەکڕیزیەشە دوژمنان و ناحەزانی کوردی تۆقاندووە، ئەو یەکڕیزیەش پیشانیدا کە دوژمنانی کورد چەند نامرۆڤ و قێزەونن.

www.rondik.blogspot.com